University of KURDISTAN Hewlêr

بلاوکراوەی راگەیاندن
2013-1-21
هەولێر
بلاوکردنەوەی دەستبەجێ

کونسوڵی گشتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا باسی گرنگی گواستنەوەی ئاشتیانەی دەسەڵات لەگەڵ خوێندکارانی زانکۆی کوردستان-هەولێر دەکات

کونسوڵی گشتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە هەولێر پۆڵ سەتفین سەردانی زانکۆی کوردستانی کرد ڕۆژی دوشەممە ڕێکەوتی 21ی کانونی دووەمی 2013, بۆ کۆبونەوە لەگەڵ جێگری سەرۆکی زانکۆ دکتۆر خالید سالح و گفتوگۆکردن لەگەڵ خوێندکاران دەربارەی مێژوی سوێندخواردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا و گرنگی گواستنەوەی ئاشتیانەی دەسەڵات لەسەروبەندی سوێندخواردنی ئەمڕۆی سەرۆک ئۆباما بۆ دەستپێکردنی خولی دووەمی خزمەتکردنی وەکو سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا. گفتوگۆکە لەلایەن جێگری سەرۆکی زانکۆ دکتۆرخالید سالحەوە میوانداری کرا. سەردانەکە دەرخەری ئە پەیوەندیە نزیکەیە کەلە نێوان زانکۆکەو کونسوڵخانەی گشتی ویلایەتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا لە هەولێر هەیە, کە بەردەوامە لەبەهێزبونی لەڕێگەی پرۆگرامی ئاڵوگۆڕی ئەکادیمی و کەلتوریەوە.

لە گفتوگۆیەکی گەرمدا لەگەڵ نزیکەی 100 خوێندکارو ئەندامانی فاکەڵتی, کونسوڵی گشتی سەتفین ئاماژەی بەوەدا کەوا گۆڕینی گشتی و ئاشتیانەو ڕێکخراوی حکومەت لە سوێندخواردنی سەرۆکایەتیدا خۆی دەبینێتەوە لە ویلایەتە یەکگرتوکان' بە خەڵکی ئەمریکاو جیهانی پیشاندەدا کەوا پێکهاتەی حکومەتی ئەمریکا لەژێر ڕۆشنایی دەستورەکەمان جێگیرو بەرپرس دەمێنێتەوە بەرامبەر خەڵک' .

سەتفین هەروەها گوتی ' هەرچەندە سەرۆک و پارتەکان و سیاسەت و ئەجێندا دەگۆڕین بەلام پێکهاتە (ستراکتەری) حکومەت بە جێگیری ئەمێنێتەوە'.

سەتفین لەکۆتایی وتەکەیدا ئاماژەی بەوەکرد کەوا لەووتاری سوێندخواردنی ئەمڕۆیدا, سەرۆک ئۆباما پێدەچێت' قسە دەربارەی پابەندیەکانمان بۆ یارمەتیدانی هاوڕێ و هاوپەیمانەکانمان لەسەرانسەری جیهاندا بکات بەعێراقیشەوە. من شەرەفمەندم بەهەوڵەکانمان بۆ یارمەتیدانی ئازادکردنی خەڵکی عێراق , هەروەها بەو پەیوەندیە درێژخایەنەی کەوا لەگەڵیان هەمانە, بە هەموو ئێوەشەوە لە هەرێمی کوردستان, هەروەها بە هەوڵە بەردەوامەکان بۆ پێشخستنی بەها هاوبەشەکانی ئازادی ودیموکراسی'

گفتوگۆکەی ئەمڕۆ یەکێک بو لەو بۆنە زۆرانەی کەوا لەلایەن زانکۆی کوردستانەوە میوانداری کراون , لەوانە قسەکردن لەلایەن میوانانی قسەکەرو گفتوگۆکردن لەسەر بابەتە هەنوکەییەکان و بابەتی سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکی. کونسوڵخانەی گشتی ئەمریکا بە درێژایی ساڵ بەرنامەی ئاڵوگۆڕی کەلتوری و خوێندن و پەرەپێدانی پرۆفێشنالی ئەنجام دەدات بۆ گەشەپێدانی گفتوگۆو تێگەیشتنی هاوبەش لە نێوان عێراقی و ئەمریکیەکان.

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بە نوسینگەی ڕاگەیاندنی کونسولخانەی گشتی ئەمریکاوە بکەن لە ڕێی07704431653

###

UNCLASSIFIED